# گەورەیی هەندێ لە دروست کراوەکان کە بەڵگەن لەسەر گەورەیی خواو توانای بێ سنوری

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( ما السموات السبع في الكرسي إلا كحلقة ملقاة بأرض فلاة و فضل العرش على الكرسي كفضل تلك الفلاة على تلك الحلقة ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 109 واتە : ( حەوت ئاسمانەکان لە بەرامبەری کورسی هیچ نیە ئیللا وەك حەلقەیەکە کە کەوتبێ لە ئەرزێکی چۆڵەوانی وە گەورەیی عەرش بەرامبەری کورسی وەك گەورەیی ئەو ئەرزە چۆڵەیە بەرامبەری ئەو حەڵقەیە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( أذن لي أن أحدث عن ملك من ملائكة الله تعالى من حملة العرش ، ما بين شحمة أذنه إلى عاتقه مسيرة سبعمائة سنة ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 151 واتە : ( ڕێم پێ دراوە کە باسی فریشتەیەك بکەم لە فریشتەکانی خوای بەرز لە هەڵگرانی عەرش ، لە بەینی نەرمایی گوێی تا شانی حەوت سەد ساڵە ڕێیە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( إن الله أذن لي أن أحدث عن ديك قد مرقت رجلاه الأرض ، و عنقه منثن تحت العرش و هو يقول : سبحانك ما أعظمك ربنا ، فيرد عليه : ما يعلم ذلك من حلف بي كاذبا ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 150 واتە : ( خوا ڕێی پێ داوم کە باسی کەڵەشێرێك بکەم کە پێیەکانی لە ئەرز دەرچوون ، وە ملیشی لە ژێر عەرشە وە ئەو دەڵێ : تۆ پاك و بێ گەردی چەند گەورەی ئەی پەروەردگارمان ، =خوای بەرز= وە لامی ئەداتەوە : کەسێ ئەوە نازانێ کە بەدرۆ سوێند بە من ئەخوا ) .

**لە سوودەکانی ئەم فەرموودانە**

1- ئاسمانەکان لە چاوی کورسی ئەوەندە بچوکە وەك حەڵقەیەك فرێدەیتە ئەرزێکی چۆڵ وە کورسیش لە چاو عەرش ئەوەندە بچوکە وەك ئەو

حەڵقە لە چاو ئەو ئەرزە ! عەرشیش یەكێكە لە دروست كراوەكانی خوای گەورەیەو عەبدێكە بۆ خوا ئەبێ گەورەیی خوای بەرز چۆن بێ بێگومان هەر ئەتوانین بلێین الله اكبر خوایە گیان ئێمە بڕوامان هەیە بە گەورەیی تۆ كە هەر لە خۆت گەورەیی ئەوەشێتەوە .

2- سەیر كەن یەكێك لە فریشتەكانی كە خوا دروستی كردوون لە بەینی نەرمەی گوێی تا شانی حەوت سەد ساڵە ڕێیە !.

3- لەوەش سەیر تر با عیبرەت لەو دروستكراوە گەورەیە وەربگرین كە هەر خوا ئەزانێ چەند گەورەیە ئینجا لە خوا ئەترسێ ئەو زیكرە ئەكا سبحانك ما أعظمك ربنا = تۆ پاك و بێ گەردی چەند گەورەی ئەی پەروەردگارمان = ئەبێ ئێمە چۆن جورئەتی تاوانمان هەبێ و غروری بمان گرێ و لە خوا نەترسین !؟.

4- نابێ گوناهێك بە كەم بزانین چونكە گوناه سەرپێچی فەرمانی خوای گەورەیە كە ئەو فریشتە گەورانە لێی ئەترسن ئێمە چۆن فەرمانی بشكێنین !؟ .

ئیتر بەڕێزان با بیر بكەینەوە لە دروستكراوەكانی خوا وەك فەرمانمان پێكراوە تا گەورەیی پەروەردگارمان بۆ دەركەوێ و لاوازی خۆمان زیاتر بناسین و غرور نەمان گرێو شەیتان فریومان نەدا و نەكەوینە داوی ، داوا لە خوای گەورەو بەرز ئەكەین بمان پارێزی لە داوی شەیتان و غروری و خۆ بەگەورە زانی .

**باوكی حارث**